چەند دەستەواژەی سیاسیی

حەسەن ئەیوب زادە

# "کوردستانی رۆژ هەڵات" یان "رۆژهەڵاتی کوردستان؟"

بەکار هێنانی دەستەواژەی" کوردستانی رۆژهەڵات" لەباری سیاسییەوە لەجێی خۆیدا نییە. چونکە کوردستان یەك وڵاتە و لەنێوان پێنج دەوڵەتدا بەش کراوە.

کوردستان خاوەنی چوارچێوەیەکی جوغرافیایی دیاریکراو و گەلێکی ناسراوی کەونارایە. لە رابردوودا ئەم وڵاتە لەلایەن دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانەوە بە پێچەوانەی ویست و ئیرادەی کورد دابەش کراوە. کورد لە مێژووی خۆیدا دژی ئەو دابەشکردنە بووە و بۆ سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی ئەو بەشانە و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی هەوڵی داوە. بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە بە مانای قبوولکردنی ئەو حاڵەتە سیاسییە ناڕەوا و غەیرە قانوونیی و نامرۆڤانەیە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە هەرچەشنە دابەشکردن و لەت لەت کردنی کوردستان لەڕوانگەی کوردەوە ناڕەوا و نە قانوونییە و ڕەت دەکرێتەوە، بەکارهێنانی دەستەواژەی "کوردستانی رۆژهەڵات" و بە زمانی فارسیش "کوردستان شرقی" بە مانای بەرەسمیی ناسینی ئەو دابەشکردنەیە. بەکارهێنانی دەستەواژەی رۆژهەڵاتی کوردستان راستییەکی سیاسیی – مێژوویی دەگەیەنێ و ئەویش یەکپارچەبوونی کوردستانە.

داگیرکردنی ئەو وڵاتە رۆژێك دەبێ کۆتایی پێ بێ. کورد دەبێ بتوانێ چارەنووسی خۆی دیاری بکا و بە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی بێتە ریزی گەلانی خاوەن کیان و سەربەخۆی جیهانەوە. گەلی کورد و وەچەی داوارۆژی ناتوانێ ئەو بێعەداڵەتییە قبووڵ بکا. ئێمەش بۆمان نییە و تا ئەو جێگایەی بۆمان دەکرێ دەبێ هەوڵ بدەین لە قورسایی باری ئەو ئەرکە لەسەر شانی وەچەی داوارۆژمان کەم بکەینەوە.

ئەگەر بگوترێ بۆ دوکورە هەیە یان بۆچی 22وڵاتی عەرەب هەن یان لەمەو بەر دوو ویتنام و دووئاڵمان هەبوون، ناویشیان بردراوە ، بەڵام بۆچی بەکار هێنانی دەستەواژەی کوردستانی رۆژهەڵات و کوردستانی باشور... مەسەلەکە ئاڵۆزدەکا؟ وڵام ئەوەیە کە ئەوشوپاندنە لە جێدا نییە. بەوتەی مەنشور" ئەوە" قیاس مع الفارق". ە واتە ئەوە لە هەمبەردانانی دوو تشتی جیاوازی لەیەکنەچوون. ئەو وڵاتانە هەرکام خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی بوون. لە لایەن وڵاتانی دیکەوە وڵاتەکەیان بەرەسمیی ناسراو بوون. بەڵام حاڵەتی سیاسیی کوردستان و مەسەلەی کورد جیاوازە. لەلایەکەوە کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە، دوژی عادڵانەی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان ئازادیی کوردستان لە کولونیالیزمە ، لەلایەکی دیکەوە یەکگرتنەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی نێوەرۆکی دۆز و مەسەلەی کوردە. ئەو دەوڵەتانەی باسیان دەکرێن تەنیا مەسەلەی یەکگرتەوەیان هەبووە یان هەیانە و بەس. ئێمەی کورد گرنگترین مەسەلەمان رزگار بوونە لە کولونیالیزم و پاشان پێکهێنانی دەوڵەتی یەکگرتووی نەتەوەیی کوردە. لەو رووەوە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە بەم چەشنە "

" کوردستانی رۆژهەڵات، هەر وەکو بەکارهێنانی کوردستانی ئێران و کوردستانی تورکییە و کوردستانی ئێراق نادروستە و هیچکامیان لە جێدا نین. هەر لەبەر ئەو راستییەیەکە حیزبە سیاسییەکانی کورد بە هەق لە نووسیندا ئەو حاڵەتە وەبەر چاو دەگرن. بڕواننە ناوی پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئەگەر بە

پێویستیان زانیبێ وڵاته داگیرکەرەکە بنووسن، پاش هێنانی ناوی حیزب _ ناوی وڵاته داگیرکەرەکەیان به جیا نووسیوه. لەو رووەوە و بەڵەبەر چاوگرتنی هەموو ئەوانه کە لەسەرەوە باس کران ، پێشنیار دەکەم ئەوە باسێکی کراوه بێ بۆ نووسەره بەرێزەکانمان. ئەگەر لەمەر ئەو پێشنیارە بۆچوون و رایەکی جیاوازیان هەیە تکایان لێدەکەم تێبینییەکانیان بۆ سایتە کوردییەکان بنووسن

## کەرکوك قودسی کوردستانه ؟ !!

بۆچی کەرکوك به قودس بشوبێنین؟

کێشەی عەرەب و ئیسرائیل کێشەی کورد نییه. هەر وەکو دیفاع لە مەسەلەی کورد پێوەندیی به وڵاتانی عەرەبییەوە نییە و دەوڵەتە عەرەبییەکان و کەسایەتییە ناودارەکانیان جیا لە پریزیدێنت قەزافی راستەو خۆ یان ناراستەوخۆ لەگەڵ مافی کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی دژایەتی دەکەن. کورد لە ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و عەرەبدا بێلایەنه. ئەمرۆ بەشێکی زۆر لە وڵاتەعەرەبییەکان ( نزیك به دەوڵات) پێوەندیی سیاسیی راستەو خۆ یان دوفاکتۆیان به ئیسرائیلەوە هەیە.)

بروانننە سیاسەتی رەسمیی دەوڵەتی ترك و حیزبی ئیسلامیی دەسەڵاتدار لەو وڵاتە وحیزبە سیاسییەکانی دیکه لە فاشیستییە بگرە تا بەرواڵەت لائیك و چەپاژۆکانیان کە چۆن بۆ بەرژەوەندیی وڵاتەکەیان بێلایەنن و ئیسرائیلیان بەرەسمیی ناسیوە و بەقسەش لایەنگری چارەسەرکردنی مەسەلەی فلستینن.

شەری عەرەب و ئیسرائیل چ رواڵەتی شەرێکی ئایینی هەبێ یان نیشتمانیی تەنیا بەو دوو لایەنەوە پێوەندیی هەیە و بەس. کورد خوازیاری ئەوەیە کە ئاشتیی لەنێوان وڵاتانی عەرەب و ئیسراییلدا جێگیر بێ و بتوانن ناکۆکیی خۆیان بەشێوەیەکی عادڵانه و رێزدانان بۆ مافی یەکتر چارەسەر بکەن و لە ئاشتیدا بژین. دەورانی شەری سارد و خۆ هەڵاوەسین بە بەرەی فلان و دژایەتیکردن لەگەڵ بەرەی فلان بۆ کورد بەسەر چووە.

گوتنی ئەوە کە کەرکوك قودسی کوردستانه جیا لەوە کە حەساسییەت دروست بکا و لە خۆرا کورد بخرێتە سەفی عەرەفات، شێخ یاسین ، شێخ فضل الله و حیزب اللەی ئێران و لوبنانەوە هیچ سودێکی دیکەی نییە. لەلایەکی دیکەشەوە گوتنی ئەوە کە کەرکوك قودسی کوردستانه بە مانای شوپاندنی عەرەبی عێراقیی بە ئیسرائیلییەکانه کە بەوتەی عەرەب داگیرکەر و دوژمنی لەئاشتی نەهاتوون. کەرکوك شارێکی کوردستانەو بەس. ئەگەر پیرۆز بوونی کەرکوك مەبەست بێ و کەسێك بخوازێ بە شارێکی پیرۆزی بشوبێنێ، با بێژێ کەرکوك مەدینه و مەککەی کوردستانه، رۆمه، واتیکانه.

## گەلی کوردستان ؟!!

گەلێك بە ناوی " گەلی کوردستان" وجودی نییه. ئەوەی هەیه "گەلی کورد" ە. وڵاتی کوردستانو خاکی کوردستان هەیه، بەڵام گەلی کوردستان نییه. ئەوەی کە هەیه گەلی کورد و نەتەوەی کوردە نە گەلی کوردستان.

## مافی چارەی خۆ نووسین؟!!

دەستەواژەیەکی نالەبارە. ئەوە هەر لەکۆنەوە بە مافی دیاریکردنی چارەنووس وەرگێردراوە و جێگیر بووە.  ئەو دەستە واژەیە تەرجەمەی

Right to Self-Determination          The Right of Nations to Self-Determination

Selbstbestimmungsrecht

ئینگلیزیی یا ئاڵمانییە

مافی گەلان بۆ خۆ بەڕێوەبردن یان مافی دیاریکردنی چارەنووس یان مافی بریاردان بۆ خۆ ... لە  مافی چارەی خۆ نووسین جوانترو دروستترە.

چارە نووس بە عەرەبی قەدەر- (قدر) ە . بە فارسیی ، سەرنوێشت (سرنوشت) ە

مافی دیاریکردنی چارەنووس ماناکەی روونە. بەڵام چارە بەمانای قدر (قەدەر ) یا سرنوشت( سەرنوێشت) نییە. بروانە هەمبانە بۆرینە : چارە1) بیچم و تەرح؛2)بەخت؛3)دەرەتان. فارسیی1) سیما؛2)شانس؛3)چارە.

مافی چارەی خۆ نووسین ئەو مانا سیاسییە ناگەیەنێ کە مەبەستە.

ئەگەر بمانەوێ مانای راستەوخۆی  Right to Self- Determination بە فارسی بنووسین دەبێتە : حق تصمیم گیری برای خود، خود مختاری ، حق تعیین سرنوشت...